عێراق یادی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات و حکومەتی هەرێم ئامادەی یادی ئەو کۆمەڵکوژییە نییە

فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێم ڕایگەیاندووە، ساڵیادی ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە نابێتە پشوو.

حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێم ڕایگەیاندووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆنە و یاد و ڕۆژانی پشووە فەرمییەکانی لە ساڵنامەی فەرمیی حکومەتدا دیاری کردووە، لەئێستادا بۆنەو یاد و پشووەکان هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، هیچ گۆڕانکارییەکیش لەو ساڵنامەیەدا ناکرێت تا پەرلەمانی کوردستان بەپێی دەسەڵاتەکانی خۆی پێداچوونەوەی بۆ دەکات و بڕیاری نوێی بۆ دەر دەکات، "بەپێی ساڵنامەکە، سبەی 16ـی ئادار لەیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە پششو نییە و دەوامی ئاسایی دەکرێت".

ئەمەش لەکاتێکدا، حکومەتی عێراقی فیدراڵ پشووی فەرمیی لەیادی ئەم تاوان و کۆمەڵکوژییە ڕاگەیاند.